| | |
|---|---|
| IRAQ-KURDISTAN<br>PARLIAMENT<br>Kurdistan-Hawler | **پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**<br>کوردستان ـ هەولێر |
| No:<br>Date: | ژمارە:<br>بەروار: ٢٠١٤/٥/٨ |

٧٧
٢٠١٤/٥/٨

**بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ پرۆژە بڕیاری ( پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان و عیراق )**

بەڕێزان ئێمە بەژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە داوا دەکەین پرۆژە بڕیاری (**پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان و عیراق**) بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و پەرلەمان پەسەندی بکات.

| ژمارە | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| -١ | شێرکۆ جودت مصطفى | |
| -٢ | بەهار عبدالرحمن محمد | |
| -٣ | حاجی [illegible] رواندی | |
| -٤ | ابوبکر هەڵەدنی | |
| -٥ | غریب حسن خاجە مەخان | |
| -٦ | کەژاڵ هادی حسن | |
| ٧ | سیام عمر قادر | |
| ٨ | مولود مراد محمد الدین | |
| -٩ | شهراب میکائیل | |
| -١٠ | عمر کوچەر | |
| -١١ | | |
| -١٢ | | |
| -١٣ | | |
| -١٤ | | |
| ١٥ | | |
| -١٦ | | |
| -١٧ | | |
| -١٨ | | |
| -١٩ | | |

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پرۆژەی

کاراکردنی پارێزگای هەڵەبجەی شەهید لە ڕێی ناساندنی

وەك

# پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان وعیراق

ئامادەکردنی

فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

نیسانی 2014

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

**ناوی پرۆژە:** ناساندنی پارێزگای هەڵەبجە وەك پایتەختی ئاشتی عیراق وهەرێمی کوردستان.

**شوێنی جێبەجێکردنی پرۆژە:** عیراق– هەرێمی کوردستان – پارێزگای هەڵەبجەی شەهید.

**هۆکاری پێویستی ئەم پرۆژەیە:**

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گومان لەوەدانیە کە هەر شار و ناوچەیەك وەك سەرزەمینێکی کۆمەڵایەتی دانیشتوانەکەی بەتایبەتمەندی یەکی فەرهەنگی و کەلتوری و ڕۆشنبیری و نەریتی تایبەت بەخۆی دەناسرێنەوە کە گوزارشت لەسیمای ناسینەوە و خەسڵەتی ژیانی هاوبەشی نێوان خەڵك و دانیشتوانی ئەو شار و ناوچەیە دەکات و بەشێك لەڕەفتار و ویژدانی دەستەجەمعی وپێکبەستی کۆمەڵایەتی تاکەکانی پێکدەهێنێت.

ڕەنگە زۆرێك لەشارەکانی جیهان بە دەسکەوتی هونەری و داهێنانی زانستی و سەرکەوتنی ئابوری و پیشکەوتنی تەکنەلۆژیەوە لەدەرگای چوونە مێژووی جیهان و مرۆڤایەتی بدەن و بە یادگارە گەش و جوانەکانی مێژووی ژیانیان گوزارشت لەخەسڵەت وسیمای دەستەجەمعی وشوناسی کۆمەلایەتیان بکەن.

بەلاّم مەخابن قەدەری ئەم سەرزەمینەی ناوی پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدە وەك بەشێ لەنیشتمانی گەلی کورد لەهەرێمی کوردستاندا لە دەرگای ئازار و مەینەتی و تراژیدیاکانیەوە چوویە نێو مێژووی گەلانی جیهان و کۆمەڵگەی جیهانی سەردەم و بوویە لاپەڕەیەك لەمێژووی خەم و ستەمی مێژووی مرۆڤایەتی و سنورەکانی کوردستان وعێراق و ناوچەکەی بۆئاستی گەلانی دنیا تێپەڕاند، و بوویە باڵوێزی ڕۆحی نەتەوەیەك کە جەستەی شەلالێ خوێنی پرۆسەکانی جینۆسایدکردنی لێ دەروات.

لەبەردەم ئەم ڕاستیانەی کارەساتی کیمیا بارانی شاری هەڵەبجەدا و لەپێناو سڕینەوەی ئاسەوارە دەرونی و کۆمەلایەتیە سەلبیەکانی لەسەر دانیشتوانی شارەکە و لەهەمانکاتدا هێشتنەوە و بەرزڕاگرتنی ڕەمزیەتی ئەم کارەساتە

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەگۆڕینی بەدیوی بەهاجوانەکانی ژیاندا وەك کارەساتێکی مرۆیی لەسەرئاستی جیهان.

ئێمە لەفراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان داوادەکەین کەپارێزگای هەڵەبجەی شەهید بکرێتە(( پایتەختی ئاشتی عێراق و هەرێمی کوردستان )) وەك سومبولی یادەوەری قوربانیدانی گەلی کورد و سەرجەم گەلانی عیراق لە بەرامبەر ستەمی دکتاتۆریەت و شۆڤێنیەتی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو.شان بەشانی پایتەختەکانی تری ئاشتی لە جیهان دا وەك ( جنێف ) کە پایتەختی ئاشتی هەموو جیهانەو گشت رێکەوتننامە گەورەکانی ئاشتی لە جیهان دا تێدا واژوو دەکرێت , ودەمانەوێت گشت رێکەوتننامەکانی ئاشتی نێوان لایەن وتوێژە جیاجیاکانی عیراق وهەرێمی کوردستان لە هەڵەبجەی شەهید دا ئەنجام بدرێت , کە بێگومان ئەمەش چەندین دەسکەوتی مێژوویی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی مەزنی تێدایە بۆی.

هەروەها ئەوەمان لە یادنەچێت کە عیراق لە پلەی (159) یەمی نێو (163) وڵاتی جیهانە بۆ ئاشتی واتا لە ریزی خراپترین چوار وڵاتی جیهانە بۆ نائارامی وتوندوتیژی ووبڵاوبوونەوەی تاوان وچەکی نایاسایی وناسەروەری یاسا ولاوازی خزمەتگوزاری وماف وئازادیەکان ,ویەکەمین وڵاتە لە جیهان دا کە لەماوەی پانزە ساڵ دا دە ساڵی بەجەنگ بردۆتە سەر وئاسەوارەکانی لەسەر هەرێمی کوردستانیش تا ئێستا دیارە لە ناسەقامگیری سیاسی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وزۆربەی ئەو دیاردە دزێوانەی باسکراون , بۆیە دەتوانین بڵێین کە عیراق وهەرێمی کوردستان لە ئێستادا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیان بە پایتەختێکە بۆ ئاشتی کە کار بۆ ئەم رەهەندەمرۆییە بەرزانەی خوارەوە بکات لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدەوە:

1- بریاردانی هەتا هەتایی بۆنەهێشتنی شەر وکوشتارلەو پارێزگایە.

2- سازکردنی کونفرانس وکۆرِوکۆبوونەوەی زانستی لەسەر ئاستی جیهان ونێوخۆیی دا بۆ پەخش کردنی فەلسەفەورۆشنبیری ئاشتی لەو پارێزگایەوە.

3- بەشداریکردن لە گشت ئەو کۆر وکۆربەند وکۆنفرانسە جیهانیانەی بۆ ئاشتی ساز دەکرێت وەك یەکێك لە پایتەختەکانی ئاشتی لە جیهان دا.

4- هەماهەنگی وهاریکاری لەگەڵ پایتەختەکانی تری ئاشتی لە جیهان دا بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی.

5- نەتەوە یەکگرتوەکان وزۆرێك لە مرۆڤدۆستان لە جیهان دا بووجەی تایبەتیان هەیە بۆ بڵاوکردنەوەوبەرقەرارکردنی ئاشتی بۆ زۆرێك لەو پایتەختانەی ئاشتی لە رێی درووست کردنی دام ودەزگای تایبەت بە تواناسازی وگەشەپێدانی نەوەیەکی ئاشتی خواز لە ناوچەکە ولە جیهان دا.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**هەنگاوەکانی بە دیهێنانی ئەم پرۆژەیە:**

1- بەدەست هێنانی پشتیوانی زۆرینەی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان وعیراق بۆ پشتیوانی کردن لەم پرۆژەیە بۆ ئەوەی ببێتە بریاری پەرلەمانی هەرێم وئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق.

2- پاشان کارکردن بۆ ئەوەی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان وعیراق رێکارە یاساییەکان بگرنە بەر بۆ جێبەجێکردنی ئەم بریارە.

3- درووست کردنی تیمیکی کارا بۆ راپەراندنی کارەکانی ئەم پرۆژەیە کە بریتی بن لە نوێنەرانی گشت فراکسیونەکانی هەرێمی کوردستان ووەزارەتە پەیوەندیدارەکان وپارێزگا وقائمقامیەت وشارەوانیەکانی هەڵەبجەی شەهید وهەر لایەنێکی تر کە پێویست بێت.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

4- ڕێکاره یاساییەکانی ئەم پرۆژەیە هەمان ئەو ڕێکارانەیە کە ئەم پارێزگایانەی عیراق وهەرێمی کوردستانیان پیٚ کراوه به پایەتەختی بوارێکی تایبەت وەك:

أ- پارێزگای هەولێر وەك پایتەختی گەشتیاری عەرەبی.

ب- پارێزگای سلێمانی وەك پایتەختی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان.

ت- پارێزگای نەجەف وەك پایتەختی رۆشنبیری عیراق.

پ- پاریزگای بەسره وەك پایتەختی ئابووری عیراق.

5- داواکردن لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە پرۆژەکە پەسەند بکات وواژووی بکات.

## دەسکەوتەکانی ئەم پرۆژەیە:

له رووی سیاسیەوه:

1- پشتیوانی کردن له خواستەکانی ئارامی وتەبایی سیاسی له هەرێمی کوردستان وعیراق بۆ قۆناغی داهاتووی حوکمڕانی.

2- درووست کردنی ناوبانگێکی جیهانی ونێوخۆیی گەوره بۆ ئاشتی خوازی.

3- ئاشتکردنەوەی لایەنه ناکۆك ودژبەیەکەکان وپێکهێنانیان لەسەر پاراستنی ئاشتی وواژووکردنی ئەم رێکەوتننامانه له پارێزگای هەڵەبجەی شەهید دا.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لە ڕووی ئابووریەوە:

1- پایەتەختی ئاشتی دەبێت بەرزترین ئاستی ئارامی وتەبایی وکەمترین تاوان وناسەقامگیری تێدابێت کەئەمەش کەش وهەوای سەرمایەگوزاری خۆش دەکات.

2- پاریزگای هەڵەبجەی شەهید لە ریزی ناوچە دەوڵەمەندەکانی جیهانە لە رووی کشت وکاڵ وسامانە سرووشتیەکانەوە وەك نەوت وکانزاکان وبیٚ گومان ئەمەش خواستی سەرمایەداران ووەبەرهێنەرانی جیهانی وناوخۆی لەسەرە.

3- خواستی زۆربۆ سەرمایەگوزاری ووەبەرهێنان لە پاریزگای هەڵەبجەی شەهید دا پێویستی بە ئاسایش ویاساسەروەری وخزمەتگوزاری کارگێری وگەشتیاری وتەندرووستی ورێگاوبان وپەیوەندیەکان هەیە لە ئاستێکی بەرز دا بن , ئەمانەش دەبنە جێگەی سوودمەندبوونی دانیشتوانی پارێزگاکەوهەرێم.

4- پایەتەختەکانی ئاشتی لە جیهان دا بەرگری تەواویان لێدەکرێت چوونکە بانکە بەناوبانگەکانی نێوخۆیی وجیهان لقی تێدادەکەنەوە وبەرژەوەندی دارایی زۆرێك لە گەورە سەرمایەدارانی تێدا دەپارێزرێت کە ئەمەش دەبێتە مایەی بەرەو پێش بردنی سیستمی

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بانکی وبەهێزکردنی متمانە وڕاکێشانی دراوی قورس بۆهەرێم وپارێزگاکە.

**<u>لە رووی کۆمەڵایەتیەوە:</u>**

1- یەکخستنەوەی پێکهاتەی هەڵوەشاوەی کۆمەڵگەی کوردستانی لە رێی برەودان بە زیندوو ڕاگرتنی بۆنەکانی ئاشتەوایی.

2- بەرقەرارکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی کە کاریگەری زۆری دەبێت بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی وبەدی هێنانی کۆمەڵگەی تەندرووست , ئەمەش بە پێشینەی حوکمڕانی درووست دادەنرێت.

3- گەشەسەندنی مرۆیی بە بێ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی نابێت وئەمەش بە بێ بەرقەراربوونی ئاشتی نابێت.

**<u>ستاندەردەنێودەوڵەتیەکانی ناساندنی پارێزگای هەڵەبجەی شەهید وەك پایتەختی ئاشتی هەرێم وعیراق</u>**

لە پێناوی کردنی هەڵەبجەی شەهید بە پایتەختی ئاشتی عیراق وهەرێمی کوردستان بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان دەبێت ئەم پێوەرانەی خوارەوە لە ئارامی وتەبایی وخزمەتگوزاریەکانی تێدابێنە دی لەسەر ئاستی عێراق وهەرێمی کوردستان:

أ- کەمترین رێژەی تاوانکاری تێدا بێت.

ب- کەمترین ژمارەی هێز وپۆلیسی تێدابێت.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ت- یاسای کاریگەر وبەهێزی تێدا سەروەربێت.

پ- باشترین باری تەندرووستی مرۆیی تێدابێت.

ج- کەمترین ریژەی مردن ودرێژترین تەمەنی مرۆیی تێدابێت.

ح- ژمارەی پێویستی دەرچوانی خوێندنی باڵای تێدابێت.

خ- دەرفەتی خوێندنی شیاوی تێدابێت.

د- کەمترین رێژەی هەژاری تێدابێت.

ژ- هێزی کار هاوبەشی خزمەتگوزاریە سەرەکیان بێت.

ر- کەمترین جیاوازی چینایەتی ونایەکسانی لە داهاتی تێدابێت.

بۆیە داوا لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وگشت لایەنە بەرپرسەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ دەکەین کەهەنگاوی پێویست بۆئەومەبەستە هەڵگرن، هەروەها داواله حزب و لایەنە سیاسیەکان وریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وکەسایەتی و ناوەندەکۆمەڵایەتیەکان دەکەین پشتیوانی لەم پرۆژەیە بکەن کە تەنها پرۆژەی لایەنێك وپارێزگایەك نیە بەڵکو پرۆژەی هەموانە.

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

فراکسیونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)